کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-7-2007 23:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێویستە مەلەفی تورکیا دابخرێت ... دڵزارحەسەن



زۆرێك لەم پێشبینیە سیاسیانەی سەبارەت بە دۆزی ئاڵۆزی ناوچەکە و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا لە ئارادایە، ئاماژەیەکە بۆ شەڕێکی درێژخایەن "کە بەشەڕی سارد ناسراوە" لە نێوان ئەجندای سیاسیانەی دەسەڵاتدارە کەمالیستەکانی تورکیا و شێوە مامەڵەی سیاسیانەی سەرکردایەتی کورد. بەدەر لەوەش تەواوی پێشهاتەکان لەسەروی ئەمەشەوە گوتار و لێکدانەوە لۆژیکیەکانی سەرزاری سیاسەتمەدارانی دنیا و لێپرسراوانی تورك و ڕۆژنامەنووسان دەریدەخات ئاییندەی شەڕێك بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکیە ستراتیژیەکانی کورد و تورك لە ناوچەکە لە خۆ خستنە ڕوودایە. تەواوی ئەو گریمانانەش هێماگەلێکی لە شێوەی ئەو ململانێیە نا کۆتاییە دایە کە دەرهاویشتە سیاسیەکان بۆ وەزعی هەردوو نەتەوە خوڵقاندوویەتی. دەشی بەشێك لە تەنگەژەکە بۆ لێدوانە فەرمیەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەبەراورد لەگەڵ ململانێیە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەش سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بە تایبەتی خودی سەرۆکی هەرێم تا ئێستا شێوەی زمان و گوتارەکانی بە شێوەیەك لە شێوەکان حەساسیەتێکی لەگەڵ جۆری دربڕینی گوتارە نامەنتیقیەکانی لێپرسراوانی تورکیادا پێوەدیارە. ڕەنگە ئەمەش هەڵگری زۆرێك ڕەهەندی نا ئاسایی رابردوویان بێت کە لە نێوان پارتی و تورکیا یان بارزانی و بەرپرسانی توکیا ئێستا یان ئەوکات لە ئارادابووە. سەبارەت بە چارەنووسی ئەو ئاریشانەش لە وتارێکمدا تیشکم خستبوە سەر گۆڕانێکی تازە لە دیدی بەرپرسانی توکیاوە و زەمینە سازی ئەو ڕێگایەشم دابوە دەست جۆری مامەڵە سیاسیەکانی سەرۆکی هەرێم کە بەلای منەوە ئەو دەیتوانی ئاراستەی ڕۆگە سیاسیەکان بگۆڕێت و زمانێکی نەرمتر لەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ هێورکردنەوەی باروو دۆخەکە بەرهەم بێنێت. تا ئەم ساتەش هیچ یەکێك لەم پێشبینیانەم وەکو پێویست نەهاتنە بوون، بۆیە هەوڵمدا بۆ خاتری ئەوەی بە ئاگابین لە نووسین و بۆچونەکانمان و لەلایەکی دیکەوەش بەپێویستی دەزانم گەر نەختێکیش شەفافان و وردبینانە بین لە بارەی دۆزی سیاسی ناوچەکە و شێوەی مامەڵەی سەرکردەکانمان ئەوە دەست بۆ کارێکی لۆژیکی و تەندروست دەبەین بە مەرجێك ڕوئیاکانمان بە نەفەسێکی دژ یان هەڵەخوێندنەوە ئاراستە نەکرێت. دیارە ئێمەی کورد جگە لەوەی جەستەی سیاسیانەمان سەبارەت بە کێشەی کەرکوك و چارەنووسی نا دیاری ئەم شارە بە هۆی سڕکردنی ماددەی 140 وە خەریکە تووشی نەزیفی دەبێت، لە هەمان کاتیشدا لە بەرامبەر فشارەکانی تورکیاوە خەریکە گوتاری دیکەی نارۆشن لە ئاست قسەکردنمان بۆ کێشەکان بەرهەم دێنین. نموونەی زۆرێك لەو لێدوانانەی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە دەستێوەردانە سەربازیەکانی وڵاتی تورکیا لێرە و لەوی لە بەردەستدان کە گوێمان لێدەبێت و لە زۆر جارانیش دەگاتە ئەوەی زمانی هەڕەشە و تۆڵەکردنەوەش لە دژی یەکتری بەکاربێنین. بێگومان هیچ یەکێك لەم گوتارانە یارمەتیمان نادەن ئاریشەکان بەر و لێك حاڵی بوون و چارەسەربکەین، هەرچەندە بەو پێیەی شارەزاییم لە شێوەی پێکهاتەی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەویی تورکیادا هەیە، هەڵبەتە ئەقڵییەتی ئایدۆلۆژیانەی ئەو نەتەوەیە ئامادە نییە گوی لە نەتەوەی کورد بگرێت وەك خاوەن کیان و کلتورێکی سەربەوخۆ لە ناو دەوڵەتی توکیادا. پێشم وایە دەسەڵاتدارانی تورك هێندە بەتەنگ بەپەراوێزخستنی دۆزی سیاسیانەی کورد دان چ لە تورکیا و چ لە هەرێمی کوردستان بەقەد ئەوە بیر لە ڕێگای دیکەی چارەسەرکردنی کێشەکان ناکەنەوە، بەڵام هیچ یەکێکیش لەم ڕوئیا و لێدوانانە یارمەتیمان نادەن خۆمان لە شەڕی نا بەرامبەری کەمالیستانەی تورکیا بە دوور بگرین. بۆیە دەڵێم گەر ئەمە گوتاری ستراتیژیانەی ئەجندای سیاسیانەی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێت و بەم شێوەیە و بەو ئاراستەیە بە ئاوازی دەسەڵاتدارانی توركیایەكانەوە كلتوری لێپرسراویەتیمان رابێنین، لێرەدا خوێندنەوەمان بۆ وەزوعەكە بەو شێوەیە نا بێت كە واقیعی ئاڵۆزكاوی ناوچەكە داوامان لێدەكات. نموونەشمان زۆرە كە هیچ یەكێك لەم روئیایانەی سەرۆكی هەرێم تاكو ئێستا نەبۆتە میكانیزمێك یان كردنەوەی دەرگاكانی گفتوگۆ نەك لە نێوان تورك و كورددا بەڵكو نەشمان توانیوە لەم ماوەیەدا سەرنجی ئەو وڵاتانەش بەلای دۆزەكەمان رابكێشین كە دۆستایەتیان لەگەڵماندا هەیە. جگە لەوەش ساركۆزی سەرۆك كۆماری تازەی فەرەنسا و یەكێتی ئەوروپا كە دوو نەفەسی گاریگەرن بۆ ئەوەی بتوانین سۆزی سیاسیانەیان بەئاراستەی گەرمگردنی مێزی گفتوگۆكانی نێوان كورد و تورك رابكێشین، لەمەشدا سەركەوتوو نەبووین. هەر لێرەوە بۆ خاتری كەمكردنەوەی زیانە سیاسیەكان لەسەر هەرێمی كوردستان و چاوپێخشاندنەوەیەك بە شێوەی كاری دیبلۆماسیانەمان و گۆڕینی ئەو شێوە زمانەمان كە رەنگە بۆ ئێمە هێندە زیان بەخشبێت، هێندە قازانجمام پێنەگەیەنێت. بۆیە پێشنیاردەكەم لەمڕۆوە سەركردایەتی سیاسی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بۆ ماوەیەك مەلەفی توركیا دابخات تا ئەو رۆژەی تێدەگەین لە پشتەوەی سیاسەتەكانی توركیادا چ هەیە و ئێمەش دەبێت بە چ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بكەین.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە 238 ی هەفتەنامەی هەواڵ بڵاوبۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.